# ناڕەزایەتی خەڵك و ترسی دەسەلاّت

هیدایەت مەلا عەلی

ماوەیەکە شارەکانی کوردوستان بۆتە شانۆی نمایشکردنی ڕووبەڕوبونەوەیەکی جەماوەری گەورە لە نێوان خەڵکی کوردوستان و دەسەلاّتدارانداا , خەڵکی کوردوستان ژیانیان دەوێت و دەسەلاّتدارانیش کورسی حوکم و سەرمایە , خەڵکی کوردوستان ناڕەزایەتی دەکەن و دەسەلاّتدارانیش هێرش دەکاتە سەریان , خەڵکی کوردوستان خەریکن شارستانیەت و مەدەنیەت جێدەخەن , دەسەلاّتدارانیش سەرکووت و ڕاونان . خەڵکی کوردوستان ئەم دەورەیە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاتوونەتە مەیدان و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن , شارەکانی کوردوستان بەجۆرێکی لێهاتووە هەر دەڵێی ئەو جەبلە چیمەنتۆیەیە کە هەر دەقەیەك و لە جێگایەکەوە دەتەقێت و دەسەلاّت بۆی پینە ناکرێت , ناڕەزایەتیەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی خەڵکی کوردوستان دوو تایبەتمەندی زۆر گرنگی هەیە یەکەمیان زۆر جەماوەریەو دووەمیان ڕابەرایەتیەکی ڕادیکاڵ و پێشکەوتوخوازی هەیە , ئەوەی ئامادەی خەڵکی هەژار و دەستەنگی کوردوستانی بردۆتە سەرەوە بۆ ناڕەزایەتی , ژیانی پڕ لە نەهامەتی و نەبوونی خۆیانە , ئیتر خەڵکی کوردوستان پێوویستیان بەوە نیە چەند کەسێك برۆن و لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە قانعیانکەن کە ناڕەزایەتی بکەن , ئەمڕۆ خەڵکی کوردوستان نیشتەجێبونیان , سفرەکانیان , تاریکی ماڵەکانیان , بەلوعە وشکەکانیان , کۆلاّنە پیسەکانیان , گەندەڵی دەسەلاّت , گرانی پێداویستیە سادەو سەرەتاییەکانیان بۆیان بۆتە باشترین مامۆستاو ڕابەر کە ئیتر مل بەم ناعەدالەتی و نەهامەتیانە نەدەن , لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا لەگەڵ یەکێك لە دۆستەکانم لە کوردوستان هەستم کرد زۆر دڵی خۆشە , کاتێك پرسیاری دڵخۆشیەکەیم لێکرد ووتی ئەمڕۆ تا سەعات 5 ئێوارە کارەبامان هەیە , بوونی کارەبا تا سەعات 5 لە کوردوستان بۆتە ڕووداوێکی گرنگ لە ژیانی خەڵکیداو دەبێت دڵیانخۆش بێت و وەك ڕۆژێکی ئاسای سەیرنەکرێت , ئەگەر ئەمە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بێت بەهانەی دەسەلاّت هەمووی مایە پووچە بۆ کپکردنەوەی دەنگی پڕ لە هاوار و داواکاری سەر شەقام و نێو کۆلاّن و کارگەکان .

ناڕەزایەتی خەڵك بە تەواوەتی دەسەلاّتدارانی شپرزە کردووە و بەهەر چوار پەل سەما دەکەن بۆ دامرکانەوەی تووڕەی و بێزاری جەماوەر لە دەسەلاّتەکەیان , ڕاستە دەسەلاّت بۆ ئەوەی سەرمایەی زیاتر کەڵەکە بکات وەلاّم بە داواکاری و خواستەکانی جەماوەر ناداتەوە , بەلاّم ئێستا کێشەی گەورەی دەسەلاّت ئەوە نیە کە لەڕێگای ئەم ناڕەزایەتیانەوە بڕێك باخەڵیان هەڵئەتەکێنرێت , بەقەدەر ئەوەی ئەم دەسەلاّتە ئەو ڕاستیە دەزانێت کە ئەو هیچ نیە بێجگە لە بزووتنەوەیەك کە لە مێژووی خۆیدا توانیویەتی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی بێت و بە پێچەوانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی ئاراستەی بکات , بۆ نموونە ستەمی میللی و ڕقی ئەستوری خەڵك لە دەسەلاّتی بەعس , برسیەتی و گەمارۆی ئابووری , بێزاری خەڵك لە ئیسلامی سیاسی , ئەمانەو چەندین نموونەو دیاردەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی لە ژیانی خەڵکی کوردوستاندا, ئێستا ئەم دەسەلاّتەی بە سواربوونی ناڕەزایەتی خەڵك کورسی حوکمی بردووەو دەستی بەسەر سەروەت و داهاتی خەڵکدا گرتووە , خەڵك ناڕەزایەتی فراوانی بە ڕوودا دەکەن و خەریکن ئەو خۆشباوەڕی و تەوەهومەی بۆی داتاشیبوون لایان دەڕەوێتەوە , ئەم ناڕەزایەتیانە بۆ دەسەلاّت بەمانای لەق بوونی پایەکانی دەسەلاّتیان و نەمانی زەمینەیەکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی بۆ ئەوەی کە بتوانن بەردەوام ناڕەزایەتی خەڵك بەلاڕێدا بەرن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە مەنگەنەی بدەن , ترسی ئەسڵی دەسەلاّت لە ناڕەزایەتی ترسە لە کورسیەکانیان و سەرمایەی بێشوماری بەردەستیان , ناڕەزایەتی خەڵکیش هەنگاوێکە بۆ باشتربوونی ژیانیان و لەدەرگادانێکیشە بۆ شەریك بوونیان لە دەسەلاّتدا

.

**با پشتیووانی خەڵکی کوردوستانبین**

2006 - 8 - 20